
هاوڵاتییەکی عەرەب لە هەولێر دەستگیرکرا کە بەبیانووی وەرگرتنی ڤیزەی ئەمریکا خەڵکی هەڵخەڵتاندووە



بەرپرسێکی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، تەمتبارکی بەڕێچەڵەک عەرەبی بەناوی (س. م. ف) دەستگیر کرد، کەوا ئەم تەمتبارە بە شێوەی گرووپ کاری کردووە بە هەڵخەڵتاندن و فێڵکردن لە خەڵک لە بەرامبەر وەرگرتنی پارە، بە بیانووی ئەوەی کەوا گوایە ڤیزایان بۆ وەردەگرێت و دەیانباتە ئەمریکا، کە وا خۆی نیشانداوە هەماهەنگیی لەگەڵ کۆنسوڵخانەی ئەمریکی و چەند بەرپرسێکی عەراقی هەیە.

بەرپرسێکی پۆلیسی هەولێر ڕایگەیاندووە، دوای تەماوکردنی سکاڵا، تیمەکانمان لە بەرپرسیارێتیی پۆلیسی پارێزگای هەولێر زانیاریان بەدەستهێنا و دەستیان بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و چڕ کرد، لە ئەنجامدا توانرا تەمتبارێکی ناوهاتوو لێکاتی وەرگرتنی پارە لە یەکێک لە دادخوازەکان دەستگیر بکرێت، کە دانی نا بە تاوانەکەیدا، بۆیە بەپێی داوەری لێکۆڵینەوە و بڕیاری مادەی 456ـی لە یاسای سزادان، هادەستی دادگا کرا.